گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.29 Issu Con.1 2025
ID No. 2956(PP 1-13)
https://doi.org/10.21271/zjhs.29.Con.1.1

توێژینەوە

# کاریگەری بیرکردنەوەی ئایینی لەسەر دروستبوونی میرنشینە کوردییەکان (334ك/ 946ز – 814ك/ 1411ز)

**فەرهاد عەبدولعەزیز محەمەد/** وەزارەتی پەروەردە – بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی - بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدان

## پوختە

سیستەمی میرنشینی پانتاییەکی فراوانی لە مێژووی ناوەند و نوێی کورد پاوان کردووە و باسکردنی مێژووی کورد لەو دوو قۆناغە بێ میرنشینە کوردییەکان باسکردنێکی کەموکورتی لێ دێتەبەر. لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە قسە لەسەر زەمینەی دروستبوونی میرنشینەکان بکرێت لە چوارچێوەی دوو تەوەردا: لە تەوەری یەک، کاریگەری لایەنی ئایینی ڕوونکراوەتەوە لەسەر سەرهەڵدانی میرنشین لە کوردستاندا و باس لەوە کراوە چۆن تا ئەوکاتەی خەلافەت پارێزگاری لە پیرۆزی خۆی کردووە، کوردەکان پابەندبوونیان بەو پێگە پیرۆزییەوە پارێزگاریی کردووە، بەڵام ئەوکاتەی بوەیهیەکان (334ك/ 946ز) چوونەتە بەغدادو لە پیرۆزی خەلافەتیان داوە، ئیتر کوردەکانیش وەخۆکەوتوون و دوای تێپەڕبوونی تەنها سێ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا یەکەمین میرنشینی تایبەت بە خۆیان، کە (میرنشینی ڕەوادی) بووە لە ساڵی 337ك/ 948ز دامەزراندووە، ئەمەش دەروازە بووە بۆ دامەزراندنی چەندین میرنشینی دیکە، کە لەم توێژینەوەیەدا بە (میرنشینەکانی سەردەمی بوەیهی) ناسێنراون. هەروەها باس لەوەش کراوە چۆن ڕووخانی خەلافەتی عەباسی (656ك/ 1258ز) هەستی ئایینی کوردەکانی جارێکیتر جوڵاندووە و لەرێی دامەزراندنی کۆمەڵێك میرنشینی دیکەوە، کە بە (میرنشینەکانی سەردەمی مەغۆل) ناسێنراون، هەڵوێستیان وەرگرتووەو ڕەتیانکردووەتەوە ناوچەکانیان بەشێك بێت لە دەوڵەتێك، کە ڕووخێنەری خەلافەتی ئیسلامی بووە. لە تەوەری دووەم، باس لە کاریگەری ڕەوایەتی (شەرعیەت) کراوە لەسەر دامەزراندنی میرنشینەکان، تاکو دەوڵەتی عەباسی لە ئارادا بووە کوردەکان حوکمداری میرێکی کوردی هاوخوێنی خۆیان قەبوڵ نەکردووە گەر خەلیفە شەرعیەتی پێ نەدابێت. بۆیە لە سەردەمی عەباسیدا ژمارەی میرنشینەکان هاوتا بووە بە ژمارەی ئەو ڕەوایەتیانەی خەلیفەی عەباسی بۆ میرە کوردەکانی ڕەوانە کردووە. دوای ڕووخانی عەباسی و نەمانی سەرچاوەی ڕەوایەتی، کوردەکان دەسەڵاتی تەنها ئەوانەیان قەبوڵکردووە ڕەچەڵەکیان پاك و گرێدراوی بنەماڵەکانی پێغەمبەرو خەلیفەکانی ڕاشدی و ئومەوی و عەباسی بووە. هەرئەمەش وای لە زۆر لە بنەماڵە فەرمانڕەواکان کردووە بانگەشەی ڕەچەڵەکی عەرەبی بۆ خۆیان بکەن و ڕەچەڵەکیان بگێڕنەوە سەر ئەو بنەماڵە ئایینیانەی ئاماژەیان بۆ کرا.

CORRESPONDENCE
فەرهاد عەبدولعەزیز محەمەد
farhadaziz84@yahoo.com

وەرگرتن 2024/10/19
بڵاوکردنەوە 2025/02/15

**وشە سەرەکییەکان:**
میرنشین،
بیرکردنەوەی ئایینی،
سەردەمی بوەیهی،
سەردەمی مەغۆل،
ڕەوایەتی.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

دەوڵەتی عەباسی (132 – 656ك/ 749 – 1258ز)، هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە بەشێك لە جەستەی دەوڵەتەکەی داماڵراوە، ئەویش پاش ئەوەی پاشماوەی ئومەوییەکان لە ساڵی 138ك/ 756ز هەرێمی ئەندەلوسیان بۆخۆیان داپچڕیوەو دەوڵەتی دووەمی (ئومەوی)یان تیایدا دامەزراوە. ئیتر لەو مێژووە بە دواوە شەپۆلی دابڕینی پارچەکانی جەستەی دەوڵەتی ناوبراو درێژەی هەبووەو هەریەك لە ئیدریسیەکان لە مەراکیش (172ك/ 788ز)، ئەغالیبەکان لە تونس (184ك/ 800ز)، تۆڵۆنییەکان لە میسرو شام (254ك/ 868ز)، فاتمیەکان لە میسر (358ك/ 969ز)، لە ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عەباسیش، تاهیرییەکان (205ك/ 820ز)، سەفارییەکان (254ك/ 868ز)، سامانیەکان (261ك/ 874ز)، غەزنەوییەکان (351ك/ 962ز) ناوچەی خۆراسان و دەوروبەری، و عەلەوییەکان (تەبەرستان)، و زيارييەکان (جورجان)، و بوەیهییەکان (باشوری وڵاتی فارس و هەروەها تورکستان)یان کردووە بە سنووری دەسەڵاتی کارگێڕی بۆ خۆیان و لە جەستەی دەوڵەتی عەباسیان کردوونەتەوە (عمر، 1986، ص439).

جیابوونەوەی ئەم هەموو پارچەیە لە جەستەی دەوڵەتی عەباسی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو دەوڵەتەی بەرەو لاوازیی و هەڵوەشانەوەی زیاتر بردووە، تا ئەوەی لە ساڵی (334ك/ 946ز) یەك لە دەسەڵاتە جیابووەکانی وڵاتانی فارس کە بوەیهییەکان[1] بوون خۆیان کوتاوەتە ناو پایتەختی خەلافەتی عەباسییەوەو بۆ ماوەی چەندین ساڵی دوورو درێژ هەژموونی خۆیان بەسەر ئەو دەوڵەتەدا سەپاندووەو هیچ دەسەڵاتێکی ڕامیارییان بۆ خەلیفەی عەباسی نەهێشتووەتەوەو ئەوەی بۆیان هێشتوەتەوە تەنها دەسەڵاتی ئایینی و بیروباوەڕیی بووە، لەوەش زیاتر بوەیهییەکان بە ئارەزووی خۆیان سوکایەتیان بە خەلیفە کردووەو هەر لەگەڵ گەیشتنیان بە بەغداد خەلیفە (مستكفي بالله)یان[2] لەکارخستووەو خەلیفە (مطیع لله)یان خستووەتە شوێنی (حسن، 2011، ص75). بەم هەنگاوەش کردەوەی لابردن و دامەزراندنی (خەلیفە) لەلای میرەکانی بوەیهی بووەتە کاری ڕۆژانەو هەمیشەییان و بە ئارەزوی خۆیان ئاڵوگۆڕیان بە خەلیفەکان کردووە. هەموو ئەمانەش هۆکاربوون بۆ ئەوەی دامەزراوەی خەلافەت هەیبەت و پیرۆزی جارانی نەمێنێت و دەسەڵات و تواناکانی لە دەست بدات و ڕێزو گەورەیی بەشێوەیەکی بەرچاو بدات لە کەموکورتی.

**1-1- کاریگەری بیرکردنەوەی ئایینی لەسەر دروستبوونی میرنشینە کوردییەکان:**

نەمانی شکۆو دەسەڵاتی خەلیفەو دامەزراوەی خەلافەت بە تایبەت لە سەردەمی حوکمڕانی خەلافەتی عەباسییەکاندا (132ك/ 749ز - 656ك/ 1258ز)، لاوازی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی و لاوازی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەی لێ کەوتووتەوە، تا ئاستی ئەوەی چیتر لە توانای ئەو دەوڵەتەدا نەماوە وەکو پێویست بیپەرژێتە سەر کاروباری تەواوی ناوچەو هەرێمەکانی ناو سنووری قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایی خۆی، لێرە بە دواوە نە توانای ئەوەی ماوە شاڵاوی سەربازی ڕێکبخات، نە لەڕووی بەرێوەبردن و کارگێڕیشەوە وەکو جاران توانیویەتی والی و کاربەدەستی خۆی ڕەوانەی سەر ناوچەکانی سنووری مەملەکەتەکەی بکات. ئەم دۆخەش بەدەر لەوەی لە زۆر شوێندا بۆشایی سیاسی و کارگێڕی هێناوەتە ئاراوە، لە زۆر شوێنی تریشدا والی و فەرمانڕەواو دەسەڵاتدارانی هەرێمەکانی ئەو دەوڵەتەی هانداوە سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن و هەرێمەکانی ژێردەستیان لە جەستەی خەلافەتی عەباسی جیا بکەنەوەو دەسەڵاتی سیاسی و کارگێری تایبەت بە خۆیانی تێدا دابمەزرێنن. لەناو چوارچێوەی ئەم جۆرە بۆشاییە سیاسی و کارگێرییەدا. کوردەکان، کە بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، تاکو گەیشتنی دەستی بوەیهییەکان بە بەغداد، جیاواز لە زۆربەی نەتەوەکانی ناو چوارچێوەی سنووری قەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتە هەڵسوکەوتیان کردووە. لەو ماوە مێژووییەدا، کە لە جیا بوونەوەی یەکەم پارچە لە جەستەی خەلافەتی عەباسی لە ساڵی 138ك/ 756ز لەسەر دەستی ئومەوییەکان، تاکو گەیشتنی دەستی بوەیهییەکان بە بەغداد لە ساڵی 334ك/ 946ز نزیك بووەتەوە لە دووسەد ساڵ. کوردەکان بەدەر لەوەی هیچ هەوڵێکی جودا خوازییان نەگرتووەتەبەرو هیچ پارچەیەکیان لە جەستەی خەلافەتی ئیسلامی جودا نەکردووەتەوە. کەمترین ڕۆڵ و بەشدارییشیان هەبووە لەو هەڵگەڕانەوەو جوڵانەوانەدا دژ بە دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی ئەنجام دراون و ژمارەی بەشدارییەکانیان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕیان نەکردووەو زۆربەشیان بەشداریی توێژێکی کەم لە کوردەکان بووە لەو بزووتنەوەو جوڵانەوانەدا، کە لەلایەن هۆزو کەسانی غەیری کوردەوە بەرپاو سەرکردایەتی کراون. (مرعی، 2006، ص205 _ 213 ؛ خەلیل، 2015، ل133 - 177).

هۆکاری سەرەکی و یەکەمی ئەم جۆرە هەڵوێستەش بۆ بڕوای قوڵی کوردەکان گەڕاوەتەوە بە پیرۆزی و بەهای خەلافەتی ئیسلامی، بە بەڵگەی ئەوەی ڕاستەوخۆ پاش دەستگرتنی بوەیهییەکان بەسەر شاری بەغدادی پایتەختی خەلافەتی عەباسیدا لە ساڵی (334ك/ 945ز)و لێدانیان لە شکۆو پیرۆزی خەلافەت، ئەوانیش وەخۆ کەوتوون و پاش تێپەڕبوونی تەنها سێ ساڵ بەسەر دەستڕاگەیشتنی بوەیهییەکان بەسەر کاروباری شاری بەغدادی پایتەختی خەلافەتی عەباسییەکاندا، بە دیاریکراوی لە ساڵی (337ك/ 948ز) بناغەی یەکەمین میرنشینی تایبەت بە خۆیان دامەزراندووە، کە ئەویش میرنشینی ڕەوادی[3] بووە لە ناوچەی ئازەربیجان. (حسن، 2011، ص36).

لەماوەی حوكمڕانی بوەیهییەكاندا لە بەغداد، بە سوود وەرگرتن لە سیاسەتی ناناوەندگیریی (لامركزی) بوەیهی. كوردەكان بەدەر لە میرنشینی ناوبراو پێنج میرنشینی تریشیان لە كات و شوێنی جیاوازدا دامەزراندووە، كە ئەوانیش بریتی بوون لە میرنشینەكانی شەدادی[4] (340 – 595ك/ 951 – 1199ز) لە هەرێمی ئاران، میرنشینی حەسنەوەیهی (348 – 406ك/ 959 – 1406) لە ناوچەكانی دینەوەرو هەمەدان و شارەزوور[5]، میرنشینی مەروانی[6] (373 – 489ك/ 983 – 1095ز) لە ناوچەی دیاربەكرو دەوروبەری، میرنشینی عەنازی[7] (381 – 511ك/ 991 – 1117ز) لە هەرێمی حەلوان. (ئەسكەندەر، 2009، ل47 ؛ محەمەد، 2013، ل32 _ 37). میرنشینی هەزەبانی[8] (387 – 522ك/ 997 – 1128ز) لە ناوچەكانی هەولێرو دەورووبەری (عەبدوڵڵا، 2012، ل60). بەدەر لە چەندین فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی ناوچەیی، كە لەلایەن هۆزو بنەماڵە كوردییەكانەوە لەناو چوارچێوەی قەڵەمڕەوی هۆزەكان خۆیاندا لە ناوچە جیاوازەكانی كوردستان هاتونەتە دامەزراندن، هاوشێوەی دەسەڵاتەكانی (حەمیدی، مەهرانی، پەشنەوی، چۆپی، ... تاد). (محەمەد، 2013، ل56 _ 82).

سنوری قەڵەمڕەوی بوەیهییەكان بەر لە دەستگرتن بەسەر پایتەختی خەلافەتی عەباسییەكاندا. لە باكورەوە دەریای خەزەرو لە باشورەوە دەریای قەزوین و بەشێك لە ئازەربیجان و ڕەی و لە ڕۆژهەڵاتەوە بەشەكەی تری ڕەی و تەبەرستان و لە ڕۆژئاوایشەوە گەیشتووەتە ئازەربیجان و وڵاتی ڕان. (الأصطخري، 1961، ص122). بە وردبوونەوە لە سنوورو قەڵەمڕەوی ئەو میرنشینە كوردییانەی لە سەرەوە ئاماژە بۆ ناوەكانیان كرا، تێبینی دەكرێت سەرجەمیان لە سنوورو قەڵەمڕەوی حوكمڕانی بوەیهییەكاندا هاتوونەتە دامەزراندن. میرنشینی مەروانی، كە وەك ئاماژەی بۆ كرا لە ناوچەكانی دیاربەكرو دەوروبەری دامەزراوە، تەنانەت دامەزراندنی ئەو میرنشینەش لە ساڵی (373ك/ 983ز). پاش ئەوە هاتووە، كە دەستی بوەیهییەكان لە ساڵی (368 – 369ك/ 978 – 979ز) گەیشتووەتە ناوچەكانی دیاربەكرو هەكاری و دەوروبەریان. (الخليل، 2013، ص170 – 171). ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دامەزراندنی میرنشینە كوردییەكان بەر لەوەی هەوڵێك بووبن بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆجێیی سەربەخۆ، پەرچەكردار و هەڵگەڕانەوە بوون بەرامبەر بە دەسەڵاتدارێتیەك، كە دەستی بۆ پیرۆزییەكانی موسڵمانان و لوتكەی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی بردووە. (بدليسی، 2006، ل33 – 34).

شیاوی باسە سەرجەم میرنشینە كوردییەكان سەرباری ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی خۆجێیی، بە بەردەوامی هەڵوێستی ئەرێنییان هەبووە بەرامبەر بە خەلافەتی عەباسی و خەلیفەكانی ئەو دەوڵەتە، بە تایبەت بەرامبەر بە فەرمانڕەوایی خەلیفە (القادر بالله) كە لەماوەی (381 – 422ك/ 991 – 1031ز) حوكمڕانی عەباسی كردووە، هەروەها بەرامبەر بە خەلیفە (القائم بأمر الله)ی عەباسی (422 – 467ك/ 1031 – 1075ز). ئەم خەلیفانە بەدەر لەوەی دانپێدانان و ڕەوایەتییان بە میرنشینە كوردییەكان بەخشیوە، نازناوو پەیمانی فەرمانڕەواییشیان پێداون. لە بەرامبەریشدا میرە كوردەكانیش لەلای خۆیانەوە بە دڵسۆزو لایەنگری سەرسەختی خەلیفەكانی عەباسی ماونەتەوەو لە وتاری ڕۆژانی هەینی و جەژنەكاندا ناویان هێناون و دراویان بە ناوی ئەوانەوە چاپ كردووە. (لەشكری، 2009، ل192 - 193).

لەسەردەمی سەلجوقییەكان لە بەغداد (447 – 595ك/ 1064 - 1199ز)، كە بە پێچەوانەی بوەیهییەكان كاریان لەسەر چەسپاندنی ناوەندگیریی كردووە. نەك ڕێگە بە دامەزراندنی میرنشینی كوردی نەدراوە، بەڵكو بەشێكی زۆر لە میرنشینە كوردییەكان، كە بە سوود وەرگرتن لە سیاسەتی ناناوەندگیریی بوەیهییەكان دامەزرا بوون، هاوشێوەی میرنشیینەكانی (ڕەوادی، شەدادی، مەروانی، عەنازی). لە سەردەمی دەسەڵاتداریی سەلجوقییەكان و سیاسەتی ناوەندگیریی ئەو دەوڵەتەدا یەك لە دوای یەك كۆتاییان پێهێنراوەو تووشی لاوازی هاتوون. تەنها میرنشینێكی كوردی لە سەردەمی سەلجوقییەكان دامەزرابێت، میرنشینی فەزڵەوی بووە، ئەویش پاش ئەوەی میر (ئەبو تاهیر كوڕی محەمەد ئەبو حەسەنی فەزڵەوی)، ناوچەی لوڕستانی لە ئەتابەگ سەنقوری ئەتابەگی وڵاتی فارسی سەلجوقیەكان جیاكردووەتەوەو میرنشینێكی سەربەخۆی تێدا دامەزراندووە. (بدليسی، 2006، ل55). لە كۆتایی حوكمی عەباسی و لاوازی سەلجوقییەكانیشدا، ئەو شەڕو ئاژاوەو پاشاگەردانیەی لەناو ماڵی سەلجوقیدا سەری هەڵداوە بارودۆخی ناوچەكەو لەناویشیاندا كوردستانی بە جۆرێك ئاڵۆز كردووە، دەرفەتی نەهێشتووەتەوە بۆ سەرهەڵدانی هیچ میرنشین و دەسەڵاتدارییەك لە كوردستاندا. (محەمەد، 2013، ل28 _ 39).




نەخشەی سنووریی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی (ئەسکەندەر، 2009، ل416).

پاش ڕوخانی خەلافەتی عەباسیش بەدەستی مەغۆلەکان (656ك/ 1258ز)، ئەو بۆشاییە سیاسی و کارگێڕییەی لە ئەنجامی لەناوچوونی عەباسیەکان هاتووەتە ئاراوە، هاوشێوەی سەردەمی بوەیهییەکان دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ گەلانی عەباسی لە ناویاندا بۆ کوردەکان لە ڕێی دامەزراندنی دەسەڵات و میرنشینی تایبەت بە خۆیانەوە کار لەسەر پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بکەن. لەژێر ڕۆشنای ئەم جۆرە بارودۆخەدا میرەکانی فەزلەوی (میرنشینی فەزلەوی)[9]، میرەکانی بەدلیس (میرنشینی بەدلیسی)، هەروەها میرە ئەیوبیەکان (میرنشینی حوسن کیفا)، توانیویانە پارێزگاری لە مانەوەی میرنشینەکانیان بکەن (تۆفیق، 2022، ل167).

هەر لەم سەردەم و بارودۆخەدا میرەکانی بادینان[10] لە ناوچەی ئامێدی (میرنشینی بادینان)، و سەرانی هۆزی بوختیش (میرنشینی ئازیزان- بۆتان)یان[11] لە هەرێمی جەزیرە دامەزراندووەو زیندووکردوەتەوەو دواتر بە تۆمەتی پەیوەندیی لەگەڵ مەمالیکەکانی میسر، هۆلاکۆ میرنشینەکەی لەناو بردووەو دووان لە میرەکانی میرنشینەکەی بە ناوەکانی ئەسەدەدین بوختی و حوسامەدین عەزیز بوختی مل پەڕاندووە. (تۆفیق، 2010، ل47 _ 48). باوە ئەردەڵانیش (میرنشینی ئەردەڵان)ی لە ناوچەی شارەزوور، هەروەها (میرنشینی هەکاری)یش لە هەمان سەردەمدا لە دەڤەری هەکاری هاتووەتە دامەزراندن. (تۆفیق، 2022، ل157، ل148).

هاوشێوەی کۆمەڵی یەکەمی میرنشینە کوردییەکان ئەوانەیان لە سەردەمی حوکمڕانی (بوەیهییەکان)دا دامەزرا بوون، میرنشینە کوردییەکانی کۆمەڵی دووەم (میرنشینەکانی سەردەمی مەغۆل)یش زۆر بە ئاشکرا کاریگەری ئاین لەسەر دامەزراندن و مانەوەیان هەستی پێدەکرێت. ڕوخانی خەلافەتی عەباسی و کوشتن و لەناوبردنی خەلیفەی موسوڵمانان ڕوداوێك بووە کاریگەری لەسەر زۆرێك لە گەل و نەتەوە موسوڵمانەکانی ناو چوارچێوەی خەلافەتی ناوبراو بەجێهێشتووە. کوردەکان یەك لەو گەل و نەتەوانە بوون وەك چۆن لە سەردەمە جیاوازەکانی خەلافەتی ئیسلامیدا تاڕادەیەکی زۆر باش پابەندیان بە بنەماو بیروباوەڕەکانی ئەو دەوڵەتەوە هەبووە، ئاوهاش ڕوخانی دەوڵەتی خەلافەت و کوشتن و سوکایەتی سەر خەلیفەی موسوڵمانانیان پێ قەبوڵ نەکراوەو بە چەندین ڕێگاو شێوازی جیاواز ڕووبەڕووی ئەنجامدەرانی بوونەتەوە، کە یەك لەو شێوازانە خۆی لە دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆجێیی و جیاکردنەوەی ناوچەکانیان بینیوەتەوە لە جەستەی دەوڵەتی مەغۆلی، هەر ئەمەش نهێنی بەشێکی زۆری هۆکارەکانی پشت دامەزراندنی چەندین میرنشین و دەسەڵاتی خۆجێیی بووە لەلایەن کوردەکانەوە بە دیاریکراوی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەغۆلەکاندا. ڕوون و ئاشکرایە ڕێی تێناچێت کوردەکان پاش چەندین ساڵ لە نەبوونی میرنشین و دەسەڵاتی خۆجێیی، هەروا بە ڕێکەوت و لە سەردەمی دەسەڵاتێکی داگیرکارو توندوتیژی وەکو مەغۆلەکاندا، کە هەرچیەك هاتبێتە ڕێگەیان ڕاپانماڵیوەو هەر کەسێك لە ڕوویاندا ڕاوەستابێت لە ملیان داوە، بیریان لە دامەزراندنی دەسەڵات و میرنشینی تایبەت بە خۆیان کردبێتەوەو ناوچەکانیان لە جەستەی دەوڵەتی ناوبراو جودا کردبێتەوە.

(میرنشینی بادینان) یەك لەو دەسەڵات و میرنشینانە بووە کوردەکان لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی مەغۆلەکاندا دایانمەزراندووە. دامەزرێنەری میرنشینەکەش کەسێك بووە بەناوی (میر بەهادین)، کە خۆی و بنەماڵەکەی بە نەوەو پاشماوەی خەلیفەکانی عەباسی ناساندووە. (بدلیسی، 2006، ل161). بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە مەبەستی سەرەکی لە دامەزراندنی میرنشینەکە زیندووکردنەوەی سەرلەنوێی خەلافەتی عەباسی و دژایەتی کردنی مەغۆلەکان بووە، تا ئاستی ئەوەی هەمان ئەو سەرچاوانە میرنشینەکە بە میرنشینی بادینانی عەباسی ناو دەبەن و (العباسي، 1969، ص50). پێیان وایە هەر لە سەرەتاوە (خەلیل کوڕی عیزەدین)ی باوکی (میر بەهادین) بە مەبەستی زیندووکردنەوەی خەلافەتی عەباسی ڕووی لە ناوچەی شەمزینان کردووە، کاتێکیش خەڵکی ناوچەکە ناسیویانەتەوە. لە دەوری کۆبوونەتەوەو کردوویانە بە سەرداری خۆیان و هاوکارییان کردووە لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکدا، کە دواتر بەناوی کوڕەکەیەوە (بەهادین) بە (میرنشینی بادینان) ناوی ڕۆیشتووە. (العباسي، 1969، ص50 - 51).

سەبارەت بە (میرنشینی بۆتان)یش، دوای کوژرانی میر (موسەکی بوختی) بە دەستی میر (نصرالدولە)ی مەروانی لە نیوەی دووەمی سەدەی یازدەهەمی زاینی، ئیتر باسێك لە پوختی (بۆتان)ەکانیش نەماوە، تا ئەوکاتەی لە سەردەمی مەغۆلەکاندا میرنشینەکە لەسەر دەستی میر (حوسامەدین عەزیزی بوختی) جارێکیتر بونیادنراوەتەوە، کەچی ئەم میرە کوردەش لەگەڵ میر (ئەسەدەدینی بوختی) برای و ژمارەیەك میرو دەسەڵاتداری تری ناوچەکە بە تاوانی دژایەتیکردنی مەغۆل و گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ دوا دەوڵەتی موسوڵمانی ناوچەکە، کە مەمالیکەکانی میسر بوون لەلایەن هۆلاکۆوە لە سەریان دراوەو کوژراون. (تۆفیق، 2010، ل47 _ 48).

بە گوێرەی زانیارییەکانی ناو شەرەفنامە میر (سلێمان کوڕی خالد) یەکەم کەس بووە فەرمانڕەوایی جەزیرەی گرتووەتە ئەستۆ، ئەویش لە سەردەمی مەغۆلەکان. دوای خۆی موڵکەکانی بۆ کوڕەکانی (عەبدولعەزیزو بەدرو ئەبداڵ) ماونەتەوە. (میر عەبدولعەزیز)، ناوچەی جەزیرەی مەڵبەندی میرنشینەکەی بەرکەوتووەو بە هۆی لێهاتوویی و بە توانایی ئامادەیی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتەکەی، سەرئەنجام بووە بە میری فەرمی و دامەزرێنەری سەرەکی (میرنشینی بوختی)و هەر بەناوی ئەم میرەوە بنەماڵەی فەرمانڕەوای میرنشینەکە و زۆرجار خودی میرنشینەکەش بە (ئازیزان) ناسراون و ناویان دەرکردووە. (بدلیسی، 2006، ل174 - 175). پێدەچێت ئەم میر عەبدولعەزیزە هەمان میر (حوسامەدین عەزیزی بوختی) بێت، کە وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا بە فەرمانی هۆلاکۆ لە ملی دراوە. شیاوی باسە میرەکانی ئەم میرنشینە تاکو سەردەمی حوکمی جەلائیرییەکان و دوای ئەو سەردەمەش درێژەیان داوە بە حوکمڕانی میرنشینەکەیان بەسەر ناوچەی جەزیرەو دەوروبەریەوەو لە سەرەتای سەردەمی حوکمڕانی جەلائیرییەکاندا میر (عیزەددین ئەحمەد کوڕی سەیفەددینی بوختی) میری میرنشینەکە بووە (؟ - 764ك/ ؟ - 1362ز). بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانی میرنشبنەکە لەسەردەمی مەغۆل و ئیلخانی و دواتر لە سەردەمی جەلائیرییەکانیشدا سەرباری مەترسیەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ مەملوکییەکاندا هەر بەردەوامی هەبووە. (تۆفیق، 2010، ل47 _ 48، ل52).

کاریگەریی لایەنی ئایینی لە دروستبوونی ئەم میرنشینەشدا بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت و ڕەنگدانەوەی هەیە. میرەکانی میرنشینی بوختی (بۆتان) بەدەر لەوەی خۆیان بە بنەماڵەیەکی ئایینی و بە نەوەی هاوەڵی پێغەمەر (د. خ) خالدی کوڕی وەلید داوەتە قەڵەم. سەرباری ئەوەش پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ سوڵتانەکانی مەملوکی دا هەبووە لە میسرو هۆلاکۆی سەرکردەی مەغۆلی هەولە کانی میرە بوختیەکانی بۆ دامەزراندنی میرنشین. بە دەسیسەو لایەنگریی سوڵتانەکانی مەملوکیەکان زانیوە، هەر بۆیە زۆر بە توندی بەرەو ڕووی ئەو هەوڵانەیان وەستاوەتەوەو بە دەر لەوەی لە سەری دووان لە میرەکانیانی داوە، چەند کۆمەڵەیەکی پیاوانی بوختیشی ناچار بە هەڵاتن کردووە بۆ میسرو وڵاتی شام و بۆ ژێر باڵی مەملوکییەکان و لەوێ پەیوەندییان بە سوپای مەملوکییەوە کردووە. (تۆفیق، 2010، ل47 _ 48، ل51).

میرەکانی (میرنشینی فەزلەوی)یش لەگەڵ هاتنی مەغۆلەکاندا لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتەکەیان و پاراستنی ناوچەکەیان لە تاڵانی و پێشێلی سوارەکانی هۆلاکۆ، پەیوەندییان بەو سەرۆکەی مەغۆلەکانەوە کردووە، کاتێك لە ساڵی 655ك/ 1257ز بەرەو بەغداد پێشڕەوی کردووە، تەنانەت (میر توکلە)ی میری ئەوکاتی (میرنشینی فەزلەوی) بە خۆی و هێزێکەوە لەگەڵ لەشکری مەغۆلەکان کەوتووە بۆ هێرشکردنە سەر خەلافەتی عەباسی، بەڵام کاتێك کوشتنی خەلیفەو کوشتارو قڕکردنی موسوڵمانانی شاری بەغدادی چاوپێکەوتووە، نەیتوانیوە خۆی لەبەردەم ئەو دیمەنانەدا ڕابگرێت، بۆیە بەبێ پرسی خانی مەغۆل لە شاری بەغداوە وەدەرکەوتووەو گەڕاوەتەوە بۆ لوڕستان و خۆی بۆ شەڕی مەغۆلەکان ئامادە کردووە، لە بەرامبەردا هۆلاکۆ لەم هەڵوێستەی میری فەزلەوی زۆر توڕەو نیگەران بووەو هێزێکی زۆری کردووەتە سەری و دەستگیری کردووەو کوشتویەتی. (بدلیسی، 2006، ل48).

(میرنشینی حوسن کیفا) کوردە ئەیوبیەکان فەرمانڕەواییان کردووە، کە مێژووی بنەماڵەکەیان ئاشکرایە لە ئایین پەروەریی و دژایەتیکردنی دوژمنانی ئیسلام. ئەردەڵانیەکانیش کە سێك بەناوی (باوە ئەردەڵان) دامەزرێنەری میرنشینەکەیانە، هەر ناوەکەی بۆ خۆی دەرخەری پایەی ئایینی ئەو کەسایەتیە نیشان دەدات. سەرباری ئەوەش (باوە ئەردەڵان) هەر لە سەرەتاوە خۆی بە نەوەو پاشماوەی مەروانییەکان ناساندووەو ئاشکراشە، کە مەروانییەکان خۆیان وەك بنەماڵەیەکی ئایینی و نەوەی ئومەوییەکان و خەلیفە (مەروانی کوڕی حەکەم)ی دوا خەلیفەی ئومەوی زانیوە. (بدلیسی، 2006، ل131 ؛ ئەسکەندەر، 2009، ل59).

کاریگەریی بیرکردنەوەی ئایینی لەسەر دروستبوونی میرنشینە کوردییەکان بە جۆرێك بووە هیچ ماڵە میر و بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای کوردی سەرکەوتوو نەبوون لە دروستکردنی دەسەڵاتێکی خۆجێیی تایبەت بە خۆیان، ئەگەر پیرۆزییان نەدابێت بە بنەماڵەکەیان و بڕوایان بە خەڵکی نەهێنا بێت بەوەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەیان بۆ سەر نەتەوەی عەرەب و هۆزی قورەیش دەگەڕێتەوە. ئەویش لە ڕێی بانگەشەکردن بۆ ڕەچەڵەکی عەرەب و گێڕانەوەی بنەچەی بنەماڵەکانیان بۆ سەر بنەماڵە دەسەڵاتدارە موسڵمانەکانی هاوشێوەی پێغەمبەر (د.خ)و خەلیفەکانی ڕاشدی و ئومەوی و عەباسی. (بدلیسی، 2006، ل26).

بابەتی خۆبردنە سەر عەرەب لای كوردەكان بەپێی گێڕانەوەی مێژوونوسەكان لە (ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی كۆچی/ دەیەمی زاینی) دەستی پێكردووە، كە هاوكات بووە لەگەڵ دەركەوتنی قەوارەو میرنشینە ڕامیارییە كوردییەكان لە هەرێمە جیاوازەكانی كوردستاندا. بۆ بابەتی گێڕانەوەی ڕەچەڵەك بۆ سەر پێغەمبەرو بنەماڵە دەسەڵاتدارە موسڵمانە عەرەبەكانەوە لەناو میرنشین و ماڵە میرە كوردییەكاندا نموونەی زۆرو زەوەند لەناو سەرچاوە مێژووییەكاندا دەكەونە بەرچاو. هەركەسێك چاو بە لاپەڕەكانی دانراوی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی بگێڕێت، زۆر بەڕوونی هەست بەوە دەكات چۆن زۆربەی زۆری میرەكانی میرە كوردییەكان ڕەگەزی خۆیان گێڕاوەتەوە بۆ سەر عەرەب و فارسەكان بەخودی (شەرەفخان)ی خاوەنی دانراوەكەشەوە، كە ڕیشەی بنەماڵەكەی خۆی (فەرمانڕەوایانی میرنشینی بەدلیس)ی گێڕاوەتەوە سەر كیسراكانی فارس و بە دیاریكراوی بۆ سەر (جاماسب كوڕی فەیروز)ی پێنجەمین كیسرای فارسەكان. (بدلیسی، 2006، ل475). ڕەوادییەكان و هەروەها دۆستەكیەكانیش ڕەچەڵەكی خۆیان گێڕاوەتەوە سەر عەرەب. میر (پاد كوڕی دۆستەك)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی دۆستەكی بە نەوەی (كورد كوڕی سەعسەعە) دراوەتە قەڵەم (لەشكری، 2009، ل108 – 109). و مەروانیەكانیش كە خوارزای (میر پاد) بوون و دوای مردنی خاڵیان فەرمانڕەوایی میرنشینی دۆستەكیان بۆ گواستراوەتەوە بە نەوەی ئومەوییەكان و خەلیفە (مەروانی كوڕی حەكەم)ی دوا خەلیفەی ئومەوی ناونوسكراون. هەرچی میرو كەسایەتیەكانی (هەكاری)یشە بە ڕیشە و شادەماری خانەدانی خەلیفەكانی عەباسییەوە كرێدراون. (بدلیسی، 2006، ل142).

میرەكانی (میرنشینی بادینان)یش بانگەشەی ڕەچەڵەكی (عەباسی)ەكانیان بۆ خۆیان و بنەماڵەكانیان كردووە. (بدلیسی، 2006، ل161). میرەكانی هۆزی بوختی و (میرنشینی بۆتان)یش ئەوەیان بەیان كردووە، كە ئەوان نەوەی هاوەڵی پێغەمبەر (خالید كوڕی وەلید)ن. بێ ئاگا لەوەی كە هاوەڵی ناوبراو لە بنەڕەتدا هەر نەوەی لەپاش بەجێ نەماوە. (بدلیسی، 2006، ل170). دامەزرێنەرانی (میرنشینی هەكاری)یش، ڕەچەڵەكی خۆیان بردووەتەوە سەر ئومەوییەكان و خۆیان بە نەوەی (عەتبەی كوڕی ئەبوسوفیان) داوەتە قەڵەم. (تۆفیق، 2022، ل407).

**2-1- كاریگەریی ڕەوایەتی (شەرعییەت) لەسەر دامەزراندن و مانەوەی میرنشینە كوردییەكان:**

بابەتێكی تر كە هەر لە باس و خواسی كاریگەریی بیركردنەوەی ئایینی لەسەر سەرهەڵدانی میرنشینە كوردییەكاندا پێویستە ئاماژەی بۆ بكرێت و پەیوەستە بە بابەتی وەرگرتنی ڕەوایەتی (شەرعیەت)ەوە، كە ئەویش خۆی لە وەرگرتنی ڕێگەپێدان و دانپێدانانی (تفویض)ی خەلیفەكانی ئیسلامدا بینیوەتەوە بە دەسەڵاتی میرنشینەكاندا. (حسن، 2011، ص76). تا ئەوكاتەی خەلیفەكانی عەباسی لەسەر تەختی دەسەڵات ماونەتەوە. هەموو ئەو میرنشین و دەسەڵاتدارێتیە ناوچەییانەی لەناو چوارچێوەی خەلافەتی عەباسیدا هاتونەتە دامەزراندن پێویست بووە دانپێدانان و ڕەوایەتیی خەلیفەكانی عەباسیان پێ بگات و ڕەوایەتیی (شەرعیەت) لەوانەوە وەربگرن، چونكە وەرگرتنی ڕەوایەتی یارمەتیدەرو پاڵپشتیەكی زۆر كاریگەرو گرنگ بووە بۆ ئەوەی سەرۆكی هۆزی ناوچەیەكی دیاریكراو لە كەسێكی چەتەو جەردەو ڕێگرەوە بگۆڕێت بۆ كەسایەتیەكی خاوەن دەسەڵاتی شەرعی باوەڕپێكراوو دانپێدانراو، كە نەك بە تەنها هەر ئەندامانی هۆزو ناوچەكەی خۆی، بەڵكو ئەندامانی هۆزو ناوچەی جیاوازی تریش بە جیاوازی تەنانەت ئایین و نەتەوەشیانەوە حیساب بۆ دەسەڵاتەكەی بكەن و وەكو حاكم و فەرمانڕەوای خۆیان قەبوڵی بكەن و ملكەچی فەرمانەكانی ببن. سەبارەت بە میرنشینە كوردییەكان، ڕاستە هیچ كام لە میرەكانی ئەو میرنشینانە لە ژیانی خۆیاندا خەلیفەكانی عەباسییان چاو پێ نەكەوتووە، ئەوەش هەر ڕاستە كە بەشی هەرە زۆری میرنشینە كوردییەكانی، بەتایبەت سەردەمی عەباسی لە جۆری میرنشینی دەستبەسەرداگرتوو (امارة الاستیلاء) بوون، واتا بە زەبری هێز خۆیان سەلماند بوو وە جۆرێك لە دەسەڵاتی ناوچەییان بۆ خۆیان دروست كردبوو، (حسن، 2011، ص77 ؛ لەشكری، 2009، ل191). بەڵام ئەوە گەیشتنی دانپێدانانی خەلافەت و ڕەوایەتی خەلیفەكان بووە، كە دەسەڵاتێكی ناوچەیی دیاریكراوی گۆڕیوە بە میرنشینێكی بەهێزی خاوەن سنووری جوگرافی فراوان. و دەسەڵاتێكی ناوچەیی دیاریكراوی تریش بە هۆی پێنەدانی (ڕەوایەتی)ەوە لە چوارچێوە جوگرافییە ناوچەییەكەی خۆیدا قەتیس كردووەو پوكاندووەتەوە. هاوشێوەی دەسەڵاتەكانی (حەمیدی، مەهرانی، پەشنەوی، چۆپی، ... تاد). چونكە خەلیفە ئەگەرچی دەسەڵاتە فراوانەكەی پێشووتری نەماوە، بەڵام هێشتا لەلای خەڵكە ڕەشۆكی و تایبەتەكەشدا نوێنەری دەسەڵاتی شەرعی و باڵا هەر خۆی بووەو دەسەڵاتێكی ناوچەیی بۆ ئەوەی چوارچێوەیەكی فیقهی پێ بدرێت و ڕەوایەتی پەیدا بكات دەبوو ڕەوایەتی و دانپێدانانی خەلیفە وەربگرێت و بە دەست بهێنێت. (لەشكری، 2009، ل190).

دەسەڵاتی هۆزی ڕەوادی كوردی (337 - 462ك/ 948 - 1071ز) یەك لەو دەسەڵاتە ناوچەییانە بووە لە سەردەمی (محەمەدی كوڕی حسێنی ڕەوادی) سەرۆكیاندا (337 - 344ك/ 948 - 955ز) دەسەڵاتیان بەسەر چەند ناوچەیەكی هەرێمی ئەرمینیادا ڕاگەیشتووە،

دواترو لە سەردەمی  حسێن کوڕی محەمەددا دەستیان گرتووە بەسەر هەرێمی ئازەربایجان داو شاری (تەورێز)یان کردووە بە مەڵبەندو ناوەندی دەسەڵاتی خۆیان و (حسن، 2011، ص34). توانیویانە دۆخێك دروست بکەن، کە خەلیفەکانی عەباسی و میرەکانی بوەیهی بەهەندی وەربگرن و هەوڵ بدەن لە بەرژەوەندی خۆیان بە کاریان بهێنن و سوودیان لێوەربگرن، بەتایبەت کە سنووری هۆزی ناوبراو لە شوێن و جێگەیەکی زۆر هەستیاردا بووە لەسەر سنوورەکانی ڕۆم و ئەرمەن و هەروەها ڕوسەکان (حسن، 2011، ص82).

دەرئەنجامی ئەم دۆخە نزیك کەوتنەوەو دانپێدانانی خەلافەتی عەباسی بە دوای خۆیدا هێناوە بە دەسەڵاتدارێتی (هۆزی ڕەوادی)دا بەسەر ناوچەکانی ئازەربایجان و دەوروبەری و بەخشینی نازناوی (ابو نصر) بە میر (حسێن کوڕی محەمەد)ی سەرۆکیان (391 - 416ك/ 1000 - 1025ز). وەرگرتنی ڕەوایەتی خەلافەت دەرگای لە بەردەم سەرۆکەکانی (هۆزی ڕەوادی)دا کردووەتەوە لەو ڕێکەوتە بە دواوە خۆیان وەکو میرو دەسەڵاتداری فەرمی سەر ناوچەکە بناسێنن و وەکو پارێزەری سنورەکانی دەوڵەتی ئیسلام هەڵسوکەوت بکەن، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لەو نازناوەدا بە دیار دەکەوێت کە خەلیفەی عەباسی بە میر (وەسوزان کوڕی محەمەدی ڕەوادی (416 - 451/ 1000 -1059)یان بەخشیوە، کە بریتی بووە لە (سيف الدولة وشرف الملة ابو منصور وەسوزان بن محمد مولى امير المؤمنين)، (ناصر خسرو، 1945، ص5) کە شمشێری دەوڵەت (سيف الدولة) خۆی لە خۆیدا نازناوێکی سەربازی بووەو زۆر جوان لەگەڵ نازناوی شەرەفمەندی میللەت (شرف الملة)دا هاتۆتەوە، کە مەبەست لێی ئەرکی پارێزگاری کردن بووە لە شەرەفمەندی میللەتی ئیسلام دژ بە مەترسییەکانی ڕۆم و ئەرمەن و ڕوس. (النقشبندي، 1984، ص378).

سەبارەت بە (میرنشینی شەدادی)یش 340 - 595ك/ 951 - 1199ز، هەرچەندە سەرچاوە مێژوییەکان ڕوون و ڕەوان ئاماژەیان بۆ گەیشتنی ڕەوایەتی خەلیفەکانی عەباسی نەکردووە بە میرەکانی ئەو میرنشینە، بەڵام بوونی نازناوەکانی وەك (ابو الاسوار)و (ابوالفتح) لە پاڵ ناوی هەندێك لە میرەکانی میرنشینی ناوبراودا، خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ڕون و ئاشکران لەسەر پەیوەندی سەرانی ئەو میرنشینە بە خەلیفەکانی عەباسی و گەیشتنی ڕەوایەتیی خەلیفەو سپاردنی ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام (فتح)و شکاندنی سنوورو شوراکان (الاسوار)ی دوژمنانی ئیسلام[12] بە میرەکانیان. (حسن، 2011، ص38 ؛ محەمەد، 2013، ل31).

هەرچی (میرنشینی حەسنەوەیهی)یشە 348 - 406ك/ 959 - 1015ز، ئەو دەسەڵاتە ناوچەییەی هۆزی بەرزیکانی کوردی لە سەردەمی (حسێن بەرزیکانی) سەرۆکیاندا لە ناوچەکانی سنووری هۆزەکەیاندا لە هەرێمی چیا بناغەیان بۆ داڕشتووە، لە سەردەمی حەسەن (حەسنەوەیهی) کوڕی حوسێنی بەرزیکانی دا (348 - 369ك/ 959 - 979ز) برەویان پێداوەو چەند ناوچەیەکی دەوروبەریان (دەست بەسەردا گرتووە)، لە سەردەمی  میر بەدر کوڕی حەسنەوەیهیدا (369 -405ك/ 979 - 1014ز) گۆڕاوە بە میرنشینێکی فەرمی، ئەویش کاتێك میری ناوبراو نوێنەری خۆی ناردۆتە لای خەلیفەی عەباسی (قادر بالله) 381 - 422ك/ 991 - 1031ز)و ڕەزامەندی ئەو خەلیفەیەی بە دەست هێناوە لە پێدانی ڕەوایەتی بە میرنشینی حەسنەوەیهی و بەخشینی ناوی (ابا النجم) و نازناوی (ناصرالدين و الدولة)و فەرمانڕەوای هەرێمی چیا (امير الجبل - والى الجبل) بە میر بەدری حەسنەوەیهی. (ابن كثير، 1988، ص346 ؛ بدلیسی، 2006، ل34 _ 35).

میرنشینی مەروانی (373 - 489ك/ 983 – 1096ز)، یەکێکی ترە لەو میرنشینە کوردییانەی بە هۆی بەهرەمەند بوون بە ڕەوایەتیی خەلیفەی عەباسیی توانیویانە سنووری  دەسەڵاتی ناوچەیی هۆزەکەی خۆیان (هۆزی حەمیدی) تێپەڕینن و بگۆڕێن بە میرنشینێکی بەهێزی ئەوتۆ، کە هەندێك لە سەرچاوەکان بە دەوڵەت ناویان تۆمار بکەن.  پەیوەندی و ڕەوایەتی پێدانی خەلافەتی عەباسی بە (میرنشینی دۆستەکی/ مەروانی) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میر (پاد کوڕی دۆستەك)ی ناسراو بە میر  (ابو عبدالله حسين کوڕی دۆستەك) 373 - 380ك/ 983 - 990ز). (بدلیسی، 2006، ل30).

ئەم پەیوەندییە لە سەردەمی میرەکانی دوای (میر پادی کوردی)شدا هەر درێژەی هەبووەو سێیەم میری میرنشینەکە (سەعید کوڕی مەروان (387 - 401ك/ 997 - 1011ز) لەلایەن خەلیفەی عەباسیەکانەوە نازناوی (ممهد الدولة ابو منصور)و میر ئەحمەد کوڕی مەروانیش (402 -453ك/ 1012 – 1061ز) نازناوی (نصرالدولة)ی پێدراوە. میرەکانی دوای ئەوانیش هەریەکەو نازناوی تایبەتی خەلیفەیان پێگەیشتووە. (بدلیسی، 2006، ل31).

میرنشینی عەنازی (381 - 511ك/ 991 - 1117ز)، کە ئەندامانی هۆزی شازنجانی کوردی نیشتەجێی ناوچەی حەلوان (خانەقین - زەهاو) خاوەندارێتیان لێکردووە. بەهەمان شێواز پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ خەلافەتی عەباسیدا هەبووە. سەرەتای دەسەڵاتی پەیداکردنی هۆزی شازنجانی (شوهانجان - شوان) بۆ ساڵی 339ك/ 950ز دەگەڕێتەوە، ئەویش کاتێك لەو ساڵەدا سەرۆکی هۆزی ناوبراو (ابن ابو الشوك الكردی) پایەی (معاون)ی پێدراوەو ئەرکی پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ناوچەی حەلوانی خراوەتە ئەستۆ، بەڵام دەسەڵاتی هۆزەکە هەر بە سنوورداری و خۆجێیەتی ماوەتەوە، تا ئەو کاتەی لە ساڵی (381ك)و لە سەردەمی  محەمەد کوڕی

عەنازدا (381 - 401ك/ 991 - 1010ز) ڕەوایەتی پێدانی خەلافەتی عەباسی گەیشتووە بە میرنشینەکە و نازناوی (ابو الفتح) دراوە بە میر (محەمەد کوڕی عەناز)، ئەم گۆڕانکارییە دەرفەتی لە بەردەم دەسەڵاتەکەی (هۆزی شوهانجانی)دا ئاوالا کردووە وەکو میرنشینێك دەربکەوێت و برەو بە دەسەڵاتی خۆی بدات. ئەوەش کە زیاتر هێزی بەم میرنشینە بەخشیوە بەردەوامی خەلیفەکانی عەباسی بووە بە دانپێدانانی میرەکانی (میرنشینی عەنازی) وەکو میری فەرمی خاوەن دەسەڵات و بەخشینی نازناوەکانی وەکو (سیف الدولة و حسام الدولة) بە میرەکانیان. (حسن، 2011، ص82).

ئەوەی تاکو ئێرە خرایەڕوو، تێکڕا بەرچاوڕوونی بوون لەسەر کاریگەری گەیشتنی ڕەوایەتی خەلیفەکان بە دەسەڵاتی خۆجێی هەرێم و هۆزو سەرکردە بەتایبەت کوردییەکانی ناو چوارچێوەی خەلافەتی عەباسی، هەروەها ئەوەیان تێدا ڕوونکرایەوە بەهرەمەند نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوچەیی دیاریکراو لە وەرگرتنی ڕەوایەتی خەلیفە چۆن هۆکار بووە بۆ قەتیس بوونی ئەو دەسەڵاتە لە چوارچێوە جوگرافییە سنوردارەکەی خۆیداو، لە بەرامبەردا وەرگرتنی ڕەوایەتی چۆن دەسەڵاتێکی ناوچەیی دیاریکراوی تری دەستکراوە کردووە بۆ فراوان بوون و گەشەسەندن و تێپەڕاندنی سنوورە جوگرافییە جیاوازەکان. لە ڕاستیدا ئەوە (تفويض)و ڕەوایەتی پێدانی خەلیفەکانی عەباسی بووە، بۆ نموونە وای لە میر پاد (پاد شا) یان میر باز (شا باز)ی کوڕی دۆستەك (ابو عبدالله حسين کوڕی دۆستەك)ی سەرۆکی هۆزی حەمیدی کردووە لە سەرۆکی هۆزێکی ئاساییەوە بگۆڕێت بە دەسەڵاتدارێکی فەرمی متمانە پێدراو. (میر پاد)، بەرلەوەی ڕەوایەتی خەلافەتی عەباسی پێبگات، جگە لە سەرۆکی هۆزێك هیچی تر نەبووە، کە شوانکارەیی و جەردەیی و ڕێگری پیشەی سەرەکی خۆی و هۆزەکەی بووە. (زەکی، 2004، ل41).

ئەو کاتێك بووە بە میری میرنشینێك و کەسایەتیەکی حیساب بۆکراو لەلایەن خەڵکانی ناوچەکەوە (ناوچەی دیاربەکرو دەرووبەری)، کە لەلایەن خەلافەتی عەباسییەوە نازناوی (ئەبو شوجاع)ی پێدراوەو بە فەرمی و بە شەرعی کراوە بە دەسەڵاتداری سەر هۆزەکەی خۆی و سەر ناوچەی نیشتەجێی هۆزەکەی و هەر ئەمەش بووە بە دەستپێك و سەرەتا بۆ دامەزراندنی میرنشینێك کە بە میرنشینی (دۆستەکی/ مەروانی) ناسراوەو دەسەڵاتی بەسەر تەواوی ناوچەو شارەکانی هاوشێوەی (دیاربەکرو میافارقین و بەدلیس و جەزیرەو ئەرزان و ئەخلات و سێرت)دا ڕۆیشتووەو (ئەسکەندەر، 2009، ل51). لە ماوەکانی دواتردا بەجۆرێك فراوان بووەو دەسەڵاتی پەیداکردووە لە ساڵی 403ك/ 1013ز و لە سەردەمی  میر ئەحمەد کوڕی مەرواندا (402 - 453ك/ 1012 - 1063ز) نوێنەری تایبەتی خەلیفە (قادر بالله)ی عەباسی بە یاوەری پەردەداری بوەیهی سەردانی ناوەندی میرنشینەکەیان کردووەو تاج و جلوبەرگی تایبەت بە حوکمدارێتی ناوچەی دیاربەکرو دەوروبەری و نازناوی (نصرالدولة و عمادها ذي الصرامتين)یان بە میر ئەحمەد کوڕی مەروان میری میرنشینی ناوبراو بەخشیوە. (ابن الاثير، ج8، 2006، ص91 ؛ ابن شداد، 1978، ص351 – 352 ؛ الفارقي، 1959، ص108).

شیاوی باسە گەشەو نەشونمای ئەم میرنشینە، بەتایبەت دوای سەردانیکردنی نوێنەری خەلافەت و نوێکردنەوەی ڕەوایەتی پێدانی خەلیفە بە میرنشینەکە بەجۆرێك ڕووی لە هەڵکشان کردووە، کە بووەتە جێگەی سەرنج و بایەخ پێدانی هەر یەك لە دەوڵەتانی ڕۆمی بیزەنتی و هەروەها فاتمیەکانی میسرو هەردوو دەوڵەت لە هەمان ساڵی 403ك/ 1013زدا نوێنەری خۆیان ناردۆتە لای میری میرنشینی (دۆستەکی/ مەروانی)و هەمان نازناوی (عزالدولة و مجدها ذي الصرامتين)یان بە میرەکەی میر ئەحمەد کوڕی مەروان بەخشیوە. (الفارقي، 1959، ص109 - 110).

ئەم بارودۆخە بۆ میرنشینە کوردییەکانی تری هاوشێوەی (ڕەوادی، شەدادی، حەسنەوەیهی، عەنازی)یش بە هەمان شێواز. بۆ نموونە گەر لەناو ئەم میرنشینانەدا (میرنشینی عەنازی) بە نمونەیەکی تر وەربگیرێت، بە هەمان شێواز ڕەوایەتی پێدانی خەلافەتی عەباسی وای لە (ابن ابي الشوك الكردي) سەرۆکی هۆزی شازنجانی (شوهانجان)ی کردووە لە سەرۆکی هۆزێکی ئاساییەوە بگۆڕێت بە میری میرنشینێکی فەرمی خاوەن دەسەڵاتی وەکو (میرنشینی عەنازی). شوهانجانیەکان سەرەتا تەنها هۆزێکی ئاسایی هەرێمی حەلوان (خانەقین - زەهاو) بوون و دەسەڵاتیان بەسەر ڕێگای وشکانی نێوان (بەغداد - خوراسان)دا ڕاگەیشتووە لەو ماوەیەدا کە بە عەقەبەی حەلواندا تێپەڕیوە. کاری ئەندامانی هۆزەکە بریتی بووە لە ڕێگری کردن و تاڵانی ئەو کاروانانەی بەو ڕێگەیەدا گوزەریان کردووە. تا ئەوکاتەی دەسەڵاتدارێتی عەباسیەکان ناچار ماون ملکەچی دۆخەکە ببن و کارگێڕی حەلوان و پارێزگاریکردن لێی بە (ابن ابي الشوك الكردي) سەرۆکی هۆزی شوهانجانی بسپێرن . ئەم بڕیارەش بووە بە دەروازەیەکی فەرمی و دەستکەوتنی ڕەوایەتی بۆ سەرۆك و ئەندامانی هۆزی ناوبراو، تاکو دەسەڵاتێکی خۆجێیی تایبەتبە خۆیان دابمەزرێنن، کە لە ماوەکانی دواتردا ناوی (میرنشینی عەنازی) بەسەردا براوە. (تۆفیق، 2010، ل165).

ئەم میرنشینە لە ماوەیەکی دیاریکراوی پێوانەییدا بەجۆرێك فراوانبوونی بە خۆوە بینیوە، کە خەلافەتی عەباسی حسابیان بۆ کردووەو خەلیفەی عەباسی (قائم بامر الله) لە ساڵی 437ك/ 1046ز نوێنەری تایبەتی خۆی ناردووەتە لای میر (ئەبو شۆك محەمەد کوڕی عەناز) کە لەو دەورو زەمانەدا میری سەر میرنشینەکە بووە، تاج و کەلوپەلی فەرمی حوکمڕانی پێ بەخشیوەو ئەرکی

بەربەرەکانی هێرشی تورکە کۆچەر (غز)ەکانی خستۆتە ئەستۆ، کە لەو ماوەیەدا پەلامارو مەترسیەکانیان بۆ سەر سنوورەکانی دەوڵەتی عەباسی ڕووی لە هەڵکشان کرد بوو. (حسن، 2011، ص87).

هاتنی مەغۆلەکان و لەناوچوونی خەلافەتی عەباسی لەناوچوونی سەرچاوەی بەخشینی (ڕەوایەتی) بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەمەش لەکاتێکدا بووە وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا بابەتی ڕەوایەتی بابەتێکی زۆر گرنگ و هەستیاری ناو چوارچێوەی سنووری جیهانی ئیسلامی بووە بەشێوەیەکی گشتی، تائاستی ئەوەی بۆ ماوەیەك بووە بە مایەی کێشەو سەرێشە بۆ خودی دەسەڵاتی مەغۆلەکان و (هۆلاکۆ)ی سەرکردەیانی ناچار کردووە، تەنانەت ئەویش بەدوای دەرچەیەکدا بگەڕێت بۆ پەیداکردنی (ڕەوایەتی) بۆ دەسەڵاتەکەی (دەسەڵاتی کەسێکی بێباوەڕ، بەسەر گەلێکی باوەڕدارەوە). لەو پێناوەشدا هەستاوە بە کۆکردنەوەی تەواوی زانا شەرعزانەکانی شاری بەغداد (قوتابخانەی موستەنسرییە)و داوای لێکردوون فەتوایەکی شەرعی بۆ دەربکەن سەبارەت بەوەی ئاخۆ (کامیان شیاوترن بۆ حوکمڕانی؟ سوڵتانێکی بێباوەڕی دادپەروەر!، یاخود پێشەوایەکی باوەڕداری خۆسەپێن؟). مەبەستیشی لە ورووژاندنی ئەم پرسیارو بابەتە شەرعییە تەنهاو تەنها بۆ ئەوە بووە زانا موسڵمانەکان ناچار بکات بەوەی (ڕەوایەتی) بە دەسەڵاتەکەی بدەن و فەزڵی سوڵتانی بێباوەڕی دادپەروەر!، بدەن بەسەر پێشەوای باوەڕداری خۆسەپێن)دا. لە ئەنجامیشدا ئەوەی ویستوویەتی بە دەستی هێناوە، ئەویش کاتێك زانا موسڵمانەکان لە سەروویانەوە زانا (رضي الدين علي كورى طاوس) بۆ خۆ قوتارکردن لە گێچەڵ و جەوری (هۆلاکۆ) لە بەرژەوەندی ئەو سەرۆکەی مەغۆلەکان فەتوایان داوەو فەزڵی سوڵتانی بێباوەڕی دادپەروەریان!، داوە بەسەر پێشەوای باوەڕداری خۆسەپێندا. (ابن الطقطي، ص17).

هاوشێوەی میرنشینەکانی سەردەمی عەباسی یەك لە گرفت و لەمپەرە هەرە گەورەکانی بەردەم گەشەسەندن و دەسەڵات پەیداکردنی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی مەغۆلەکان بریتی بووە لە پەیداکردنی ڕەوایەتی بۆ دەسەڵاتەکانیان، لەکاتو سەردەمێکدا کە سەرچاوەی بەخشینی ڕەوایەتی بە دەستی مەغۆلەکان لەناوچوو بووو. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە میرو سەرۆکە کوردەکان پەنایان بۆ خۆنزیك خستنەوەو وەرگرتنی ڕەوایەتیی و دانتان بە شەرعییەتی دەسەڵاتیان و گرێدانی پەیوەندی بردووە لەگەڵ سەرانی دەوڵەتی مەملوکی وەك هێمای جیهانی ئیسلامی و سەنتەری شارستانییەتی ئیسلامی و دواهەمین دەوڵەتی شەرعی موسڵمانی حوکمڕان بەسەر ناوچەکانی وڵاتی شام و میسرەوە. هەرچەندە گرێدانی ئەم جۆرە پەیوەندییە ڕێگایەکی پڕ مەترسی و گرێدانی پەیوەندی بووە لەگەڵ دەوڵەتێکدا، کە مەغۆلەکان بە دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان تەماشایان کردووە. (تۆفیق، 2010، ل47 – 48، ل52 - 56).

هەڵپەی میری میرنشینە کوردییەکان بۆ پەیداکردنی (ڕەوایەتی)، کە لە ڕێگای گرێدانی پەیوەندییەوە ئەنجام دراوە لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکی ڕێگایەك بووە نەك بە تەنها هەر میرە کوردەکان، بەڵکو میرو سەرۆکی زۆر لە نەتەوەکانی تری ناوچوارچێوەی جیهانی ئیسلامی پەنایان بۆ بردووە. ساڵی (659ك/ 1261ز) هۆلاکۆ ملی زیاتر لە حەفتا میری میرنشینی ناوچە جیاوازەکانی وڵاتی موسڵمانانی پەڕاندووە بە تۆمەتی ئەوەی بە نهێنی و ژێربەژێر پەیوەندییان لەگەڵ مەملوکیەکانی میسردا گرێداوە، میر (ئەسەدەدینی بوختی)و میر (حوسامەدین عەزیزی بوختی) دووان لەو میرە کوردانە بوون بەر ئەو هەڵمەتی قەتڵوعامەی (هۆلاکۆ) کەوتوون و ملیان پەڕێندراوە. (تۆفیق، 2010، ل47 - 48).

شیاوی باسە هەموو ئەو توندوتیژییانە نەیانتوانیوە ڕێگر بن لە بەردەم بەردەوامی پەیوەندییەکانی نێوان میرنشینە بەتایبەت کوردییەکان و دەوڵەتی مەملوکی. پەیوەندییەکانی (میرنشینی بۆتان) بە دەوڵەتی مەملوکیەوە تا سەدەکانی چواردەو پازدەی زایینیش هەر درێژەی هەبووە. میر عیزەدین ئەحمەد کوڕی میر سەیفەدینی بوختی (؟ _ 764ك/ ؟ _ 1362ز) پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ مەملوکیەکانی میسردا هەبووەو سوڵتانی مەملوکیش ڕێزی گرتووەو وەکو فەرمانڕەوای هەرێمی جەزیرەو بۆتان ناساندوویەتی و ڕەوایەتی بە دەسەڵاتەکەی داوەو نامەو نووسراوی فەرمی لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ کردووە. میر عیزەدین کوڕی میر ئەبداڵی بوختیش (789 _ 828ك/ 1387 _ 1425ز) بەهەمان شێواز پەیوەندی زۆرباشی لەگەڵ سوڵتانی مەملوکی لە میسرو جێگرەکەیدا هەبووە لە وڵاتی شام و لە زۆر بۆنەدا نامەو نووسراوەکانی جێگری سوڵتانی مەملوکی گەیشتوونەتە هەرێمی جەزیرەو دەستی میرەکانی بۆتان. (تۆفیق، 2010، ل52، ل56).

هەر سەبارەت بە میرنشینە کوردییەکان، (میرنشینی بادینان)یش یەکێکی تر بووە لەو میرنشینە کوردییانەی هەوڵی داوە (ڕەوایەتی) سوڵتانەکانی مەملوکی بە دەست بهێنێت و بۆ ئەو مەبەستە لە سەردەمی میر (عەلائەدینی هەکاری)دا نوێنەری میرنشینەکە بەناوی (شێخ عەبدولحەمید) بە دیاریکراوی لە ساڵی 691ك/ 1292ز چووەتە وڵاتی شام بۆ لای میر (سەنجەری کوڕی عەبدوڵڵا شەجاعی حەلەبی) جێگری سوڵتانی مەملوکی و لە ڕێگەی میری ناوبراوەوە توانیویەتی (دانپێدانان و ڕەوایەتی) سوڵتانی مەملوکی سوڵتان ئەشرەف خەلیل (666 _ 693ك/ 1267 _ 1293ز) بۆ میرنشینی بادینان دابین و دەستەبەر بکات. (ڕؤوف، 2013، ص425_ 426).

لە ساڵی 726ك/ 1326ز مەلیك (ساڵح نەجمەدین ئەیوب) میری (میرنشینی حصن کیفا) لە میانەی زیارەتی ماڵی خوداو ئەنجامدانی فەریزەی حەج، بە مەبەستی نیشاندانی لایەنگریی و گوێڕایەڵی و بەدەستهێنانی ڕەوایەتیی سەردانی وڵاتی شام و مەلیك ناسر محەمەد کوڕی قەلاونی مەملوکی (1309 – 1340ز) کردووە. مەلیك ناسریش سەرباری بەرگی تەشریفاتی، سی هەزار درهەم و نوسراوی فەرمیی ڕەوایەتیی حوکمڕانی حصن کیفای پێ بەخشیوە. میرەکانی دوای مەلیك (ساڵح نەجمەدین) لەسەر هەمان ڕێباز درێژەیان بە گوێڕەیەڵی و لایەنگری دەوڵەتی مەملوکی داوەو نوسراوو ڕەوایەتی مەمالیکەکانیان پێ گەیشتووە. (تۆفیق، 2022، ل167 – 169، ل208).

شیاوی باسە هەر لە پێناوی بەدەستهێنانی ڕەوایەتی، میری تەواوی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی مەغۆلی و ئێلخانی و جەلائیری، پەیوەندییان لەگەڵ مەملوکییەکانی میسرو شام گرێداوەو نوسراو و دانپێدانان و ڕەوایەتیی سوڵتان و جێگری سوڵتانی میسرو شام گەیشتووەتە بۆ نموونە میرەکانی (میرنشینی هەکاری، میرنشینی بەدلیس، میرنشینی مازنجان ...). مەمالیکەکان میرەکانی هەکارییان وەکو نوێنەری گشتی و گەورەترین میری کوردی ناساندووە. سەبارەت بە میرەکانی میرنشینی بەدلیسیش بە درێژایی سەدەی (هەشتەمی کۆچی / چواردەی زایینی) لە نێوان ئەوان و لە نێوان دەوڵەتی مەملوکی نوسراو و نامە گۆڕینەوە هەبووەو ڕەوایەتیی سوڵتانەکانی مەمالیك گەیشتووەتە میر شەرەفەدینی بەدلیسی و هەروەها میر زیائەدینی بەدلیسی. (تۆفیق، 2022، ل207 – 208، ل211 - 212).

## ئەنجامەکان

1-کوردەکان دوای زۆربەی زۆری نەتەوەکانی ناوچوارچێوەی خەلافەتی ئیسلامی کەوتوون لە دروستکردنی دەسەڵاتی خۆجێیی تایبەت بە خۆیان و خۆبەڕێوەبەریکردنی ناوچەکانیان هۆکاری سەرەکی و یەکەمی ئەم جۆرە هەڵوێستەش بۆ بڕوای قوڵی ئەوان گەڕاوەتەوە بە پیرۆزی و بەهای خەلافەتی ئیسلامی، بە بەڵگەی ئەوەی ڕاستەوخۆ پاش دەستگرتنی بوەیهییەکان بەسەر بەغداد لە ساڵی (334ك/ 945ز)و لێدانیان لە شکۆو پیرۆزی خەلافەت، ئەوانیش وەخۆ کەوتوون و بناغەی یەکەمین میرنشینی تایبەت بە خۆیان دامەزراندووە، کە ئەویش (میرنشینی ڕەوادی) بووە لە ساڵی 337ك/ 948ز. دامەزراندنی میرنشینەکانی سەردەمی مەغۆلیش بە قەدەر ئەوەی پەرچەکرداروo کاردانەوە بووە بۆ داگیرکاری مەغۆلەکان و ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی، هەوڵێك نەبووە بۆ خۆبەڕێوەبەری و دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆجێیی. ڕوون و ئاشکرایە ڕێی تێناچێت کوردەکان پاش چەندین ساڵ لە نەبوونی میرنشین و دەسەڵاتی خۆجێیی، هەروا بە ڕێکەوت و لە سەردەمی دەسەڵاتێکی داگیرکارو توندوتیژی وەکو مەغۆلەکاندا، کە هەرچیەك هاتبێتە ڕێگەیان ڕایان ماڵیوەو هەر کەسێك لە ڕوویاندا ڕاوەستابێت لە ملیان داوە، بیریان لە دامەزراندنی دەسەڵات و میرنشینی تایبەتبە خۆیان کردبێتەوەو ناوچەکانیان لە جەستەی دەوڵەتی ناوبراو جودا کردبێتەوە.

2-کوردەکان وەك ئەوەی متمانەیان بە خۆیان نەبووبێت، هەمیشە دەسەڵاتدارێتییەکانی خۆیان بە پاشکۆی ئەم هێزو ئەو هێزی دەرەکی هێشتۆتەوە، لەمەشدا کەمتەرخەم تەنها میرو سەرکردە کوردەکان نەبوون، بەڵکو بە قەدەر ئەوان دەستی تۆمەت دەشێت ئاراستەی میللەتی کوردیش بکرێت، کە هیچ کاتێك میرو سەرۆکەکانی هاوزمان و هاونەتەوەی خۆیانیان پێ قەبوڵ نەبووە، تا ئەوەی پاڵپشت و دانپێدانانێکی دەرەکیان بۆ خۆیان پەیدا نەکردبێت. هەر ئەم جۆرە تێڕوانین و بیرکردنەوەی کوردەکان بووە زۆربەی ماڵەمیرانی کوردی ناچار کردووە لەپای پەیداکردنی پاڵپشتی بۆ دەسەڵاتدارێتیەکەیان زۆرجار پەنا بۆ حاشاکردن لە ڕەگەزو ڕەچەڵەکی خۆیان ببەن و ڕەگەزو نەتەوەی جیاوازی غەیری کورد بۆ خۆیان دابتاشن و بانگەشەی بۆ بکەن.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

(1) بوەیهیەکان هاوشێوەی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی سەرەتا میرنشینێکی ئاسایی بوون و لەسەردەستی (بویە) کە نازناوی (ئەبو شوجاع) بووە لە ناوچەی دەیلەم لە کەنارەکانی خوارووی ڕووباری قەزوین هاتۆتە دامەزراندن، ئەم میرنشینە دواتر لە سەردەمی کوڕەکانی ئەبوشوجاع (عەلی و حەسەن و ئەحمەد) فراوانبوونی بە خۆوە بینیوە، تا ئەوەی لەسەر دەستی ئەحمەدی کوڕی ئەبوشەجاع هێزێکی میرنشینەکە لە ساڵی 334ك/ 946ز خۆیان کوتاوەتە بەغدادی پایتەختی عەباسییەوەو خەلیفەی عەباسیەکانیان ناچار کردووە پایەی میری میران و نازناوی (معزالدولة) بە سەرکردەکەیان (میر ئەحمەد)و نازناوی (عماد الدولة) بە میر (عەلی)و نازناوی رکن الدولة بە میر (حەسەن) ببەخشێت. میرنشینەکە ساڵی 447ك/ 1055ز لەلایەن سەلجوقیەکانەوە ڕوخێنراوە. (عمر، 1986، ص455 – 458).

(2) خەلیفە المستکفی بالله کوڕی خەلیفە المکتفی (333 – 334ك/945 – 946ز) ناوی عەبدوڵڵاو نازناوی (المستکفی بالله) بووە. لە سەردەمی ئەمدا بوەیهیەکان دەستیان گرتووە بەسەر شاری بەغدادی پایتەختی خەلافەتی عەباسیداو هەر لەلایەن بوەیهیەکانەوە لە کار خراوە، ئەویش پاش ئەوەی سوکایەتی زۆری پێکراوەو سەربازە بوەیهیەکان بە عەمامەکەی سەری ڕایان کێشاوەو بردویانەتە بەردەم میری بوەیهی و لە خەلافەت دووریان خستۆتەوە. (عمر، 1986، ص486 – 487).

(3) میرنشینی ڕەوادی (337 – 463ك/ 948 - 1071ز)، لەسەر دەستی محەمەد کوڕی حوسێنی ڕەوادی لە ناوچەی ئازەربیجان دامەزراوەو ناوچەکانی (مەراغە، تەورێز، ئەردەبیل، میانیج، ورمیە، خوێ، سەلماس، مەرەند، ...)و لەژێر دەستدا بووە. (ئەبو هیجا حسێن کوڕی محەمەد) دوای باوکی،

دوای ئەویش مەملان (محەمەد كوڕی ئەبو هیجا حسێن) حوكمڕانی میرنشینەكەیان كردووە. میرنشینەكە ساڵی (948ك/ 1071ز) ئەلب ئەرسەلانی سەلجوقی ڕووخاندوویەتی. (حسن، 2011، ص36).

(4) میرنشینی شەدادی (340 - 595ك/ 951 - 1199ز) لە هەرێمی ئاران لەسەر دەستی (محەمەد كوڕی شەداد) دامەزراوە. هەریەك لە لەشكری كوڕی محەمەد كوڕی شەداد، مەرزەبان محەمەد كوڕی شەداد، فەزڵوون محەمەد كوڕی شەداد، ئەبو فەتح موسا كوڕی فەزڵوون، ئەبو حەسەن عەلی كوڕی موسا (لەشكری دووەم) ... دیارترین میرەكانی میرنشینەكە بوون. میرنشینەكە سەلجوقیەكان ڕووخاندوویانە. (منجم باشی، 1953، ص6 – 18 ؛ عەبدوڵڵا، 2012، ل49 – 50).

(5) میرنشینی حەسنەوەیهی (348 - 406ك/ 959 - 1015ز)، حەسەن كوڕی حسێنی بەرزیكانی دامەزرێنەری میرنشینەكەیەو هەر بە ناوی ئەویشەوە بە میرنشینی حەسەنەوی (حەسنەوەیهی) ناوبانگی ڕۆیشتووە. (بەدر كوڕی حەسنەوەیهی، تاهیر كوڕی هیلال كوڕی بەدر) لە میرەكانی تری میرنشینەكە بوون. میر ئەبو شۆكی میری میرنشینی عەنازی بە ڕوخێنەری میرنشینەكە بەیان كراوە، ئەویش پاش ئەوەی لە ساڵی 406ك/ 1015زدا میر تاهیر كوڕی هیلال كوڕی بەدری دوا میری میرنشینەكەی كوشتووە. (ابن الاثیر، ج7، 2006، ص608).

(6) میرنشینی دۆستەكی/ مەروانی (373 - 489ك/ 983 – 1096ز)، لەسەر دەستی (ئەبو عەبدوڵڵا حسێن كوڕی دۆستەك – میر پاد) لە ناوچەی دیاربەكر دامەزراوە، دواتر سنوری میرنشینەكە فراوان بوونی بە خۆوە بینیوەو ناوچەكانی (دیاربەكرو میافارقین و بەدلیس و جەزیرەو ئەرزان و ئەخلات و سێرت) گرتۆتەوە. هەریەك لە (ئەبو عەلی كوڕی مەروان، ممهد الدولە ئەبومەنسور كوڕی مەروان، نەسر ئەلدەولە ئەحمەد كوڕی مەروان، ...). دیارترین میرەكانی میرنشینەكە بوون. (ابن الاثیر، 2006، ج7، ص402).

(7) میرنشینی عەنازی (381 - 511ك/ 991 - 1117ز) لە ناوچەی حەلوان لەسەر دەستی (ئەبوفەتح محەمەد كوڕی عەناز)ی سەرۆكی هۆزی شازنجان/ شوهجان دامەزراوەو دەسەڵاتی بەسەر ناوچەكانی (دینەوەر، كرمانشان، ئەسەدئاباد، شارەزوور، داقوق، خانیجار، مەندەلی، ... تاد)دا ڕۆیشتووە. (الروزبیانی، 1977، ص479).

(8) میرنشینی هەزەبانی/ هۆزی هەزەبانی كوردی دامەزرێنەری بوون، میر (ابو الهجاء موسك كوڕی چكۆ) یەكەم میری میرنشینەكە بووە. (عەبدوڵڵا، 2012، ل60).

(9) میرنشینی فەزڵەوی (550 – 827ك/ 1155 – 1423ز)، فەزڵەوییەكان هەر لە سەرەتاوە دەستیان بەسەر هەرێمی لوڕستاندا ڕۆیشتووە، بەڵام لە سەردەمی (ئەبو تاهیر كوڕی محەمەد كوڕی ئەبو حەسەنی فەزڵەوی)دا كارگێڕی تایبەت بە خۆیان دامەزراندووە، ئەویش پاش ئەوەی میری ناوبراو ناوچەی لوڕستانی لە ئەتابەگ سەنقوری ئەتابەگی وڵاتی فارسی سەلجوقیەكان جیاكردووەتەوەو میرنشینێكی سەربەخۆی تێدا دامەزراندووە. میرنشینەكە لە سەردەمی (هەزار ئەسپی كوڕی ئەبوتاهیر)دا زۆر گەشەی كردووەو توانیویەتی ڕەوایەتی خەلافەتی عەباسی بەدەست بهێنێت. میرنشینی فەزڵەوی تاكو ساڵی 827ك/ 1432ز ماوەتەوەو لەو ساڵەدا تەیمورییەكان ڕووخاندوویانە. (بدلیسی، 2006، ل43 – 55).

(10) هەرچەندە خاوەنی شەرەفنامە ڕێكەوتێكی بۆ سەردەمی حوكمڕانی میر (بەهادین)ی دامەزرێنەری میرنشینەكە دەستنیشان نەكردووە، بەڵام بە حوكمی ئەوەی میرەكانی بادینان خۆیان بە نەوەی عەباسیەكان ناساندووە، كەواتە ئەبێ دوای ڕوخانی دەوڵەتی عەباسی حوكمڕانیان كردبێت. هەروەها بە حوكمی ئەوەی هەر لە كتێبی شەرەفنامەدا میر (زەینەدین)ی یەك لە نەوەكانی میر (بەهادین) بە هاوچەرخ و هاوسەردەمی (شاروخی كوڕی تیموری لەنگ) ناسێنراوە، كەواتە ئەبێت میرنشینەكە لەو دوو نێوەندەدا (ڕوخانی عەباسی و تا سەردەمی تەیموری) دامەزرابێت. (بدلیسی، 2006، ل161، ل163).

(11) یەكەمین میر حوكمی ناوچەی جەزیرەی بۆتانی كردبێت لە سەردەمی مەغۆلەكان میر (سلێمان كوڕی خالید) بووە، دوای ئەویش میر عەزیزی كوڕی شوێنی گرتۆتەوە، كە میرنشینەكە هەر بەناوی ئەم میرەوە ناوی (میرنشینی ئازیزان)ی هەڵگرتووە. میر عەزیز لە سەرچاوە مێژوییەكاندا بەشێوەی (میرحسامەدین عەزیز) ناوی تۆماركراوەو لە ساڵی 659ك/ 1261ز بەدەستی مەغۆلەكان كوژراوە. (تۆفیق، 2010، ل47 _ 48).

(12) میر موسا كوڕی فەزلوون 422 - 425ك/ 1030 - 1033ز) نازناوی (ابو الفتح)ی هەڵگرتووە، هەرچی میر (شاور كوڕی فەزلوون)یشە 441 - 459ك/ 1049 - 1067ز نازناوی (ابو الاسوار)ی هەبووە. (حسن، 2011، ص38. ؛ محەمەد، 2013، ل31).

## سەرچاوەكان:

### نامەی زانكۆیی بڵاونەكراوە:

-النقشبندي: حسام الدين علی غالب، اذربیجان دراسة سیاسیة حضاریة، رسالة دكتورا غیر منشورة مقدمة الی كلیة الاداب جامعة بغداد، بغداد – 1984.

### كتێبەكان:

### بە زمانی كوردی/

- ئەسكەندەر: د. سەعد بەشیر، سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە كوردستان، و: (جەوهەر كرمانج)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی _ 2009.

- بدلیسی: میر شەرەف خانی، شەرەفنامە مێژووی ماڵەمیرانی كوردستان، و: (مامۆستا هەژار)، چ3، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر _ 2006.

- تۆفیق: د. زرار صدیق، هۆزو دەسەڵاتە هۆزەكییە كوردییەكانی چاخی ناوەڕاست، و: (عەبدوڵا مستەفا)، چ1، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر _ 2010.

- تۆفیق: د. زرار صدیق، كوردستان لە سەردەمی جەلائیریدا 737 – 814ك/ 1337 - 1411ز، و: (د. ڕابیعە فەتاح خۆشناو)، چ1، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، هەولێر _ 2022.

- خەلیل: ماجد، مێژووی كورد لە سەردەمی خەواریج و خەلافەتدا، چ1، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی – 2015.

- زەكی: محەمەد ئەمین، خولاصەیەكی تأریخی كوردو كوردستان، بەشی 1 _ 2، چ2، چاپخانەی شڤان، سلێمانی _ 2004.

- عەبدوڵڵا: کامەران عەزیز، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەبباسیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر – 2012.
- لەشکری: حەیدەر، وێنەی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامیدا، و: (د. محەمەد تاتانی)، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی – 2009.
- محەمەد: قادر محەمەد، کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی کۆچی (دوازدەی زایینی)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر _ 2013.

**- بە زمانی عەرەبی:**
- اللأصطخري: أبو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي المعروف بالكرخي، (المتوفي 346هـ)، المسالك والممالك, تحقيق: (د. محمد جابر عبدالعال)، مطبعة دار القلم، القاهرة – 1961.
- ابن الاثير: عزالدين علي بن ابي الكرم محمد الجزري، (المتوفي 630هـ)، الكامل في التأريخ، ج7 و ج8، تحقيق: (عمر عبدالسلام تدمرى)، دار الكتاب العربي، بيروت – 2006.
- ابن شداد: عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم، الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، تحقيق: (يحيى زكريا عبارة)، ج3، قسم1، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق – 1978.
- ابن الطقطي: محمد بن على بن طباطبا المعروف، الفخري في الاداب السلطانية والدول الاسلامية، دار صادر، بيروت – ب. س.
- ابن كثير: عمادالدين ابوالفداء اسماعيل بن عمر، البداية والنهاية في التاريخ، تحقيق: (محمد ابو ملحم و علي نجيب عطيوي و فؤاد السيد و مهدي ناصرالدين و علي عبدالستار)، مجلد (6)، ج11، ط1، دار الريان للتراث، القاهرة – 1988.
- حسن، قادر محمد، الامارات الكردية في العهد البويهي دراسة في علاقاتها السياسية والاقتصادية (334 _ 447هـ/ 945 _ 1055م)، ط1، مطبعة ڕۆژهەڵات، اربيل _ 2011.
- الخليل: د. أحمد محمود، تاريخ الكرد في العهود الأسلامية، منشورات دار اراس للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، مطبعة دار السلقي، بيروت – 2013.
- العباسي: محفوظ، امارة بهدينان العباسية، مطبعة الجمهورية، موصل _ 1969.
- عمر: د. فاروق، الخلافة العباسية (دراسة في تاريخ الدولة العربية الاسلامية في عصر العباسي (132 – 447هـ ، بغداد – 1986.
- الفارقي: احمد بن يوسف بن علي بن الازرق الفارقى، تاريخ الفارقي، تحقيق: (دكتور بدوي عبداللطيف عوض)، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية، القاهرة – 1959.
- مرعى: د. فرست، كردستان في القرن السابع الميلادي، منشورات مركز كردستان لدراسات الاستراتيجية، السليمانية _ 2006
- منجم باشى: احمد بن لطف الله، باب فى الشدادية من كتاب جامع الدول، تحقيق: (ولاديمير مينورسكى)، ط1، لندن – 1953.
- ناصر خسرو: ابو معين الدين القبادي المروزي، توفي: (481هـ/ 1088م)، سفرنامة، ت: (يحى الخشاب)، ط1، مطبعة لجنة التاليف والترجمة والنشر، القاهرة - 1945.

**- گۆڤار:**
- الروزبياني: محمد جميل، امارة بني عيار وحكومتهم في غرب ايران، ت: (محمد الملا عبدالكريم)، مجلة المجمع العلمي العراقي – الهيئة الكردية، المجلد (5)، العدد (5)، بغداد/ 1977.
- رؤوف: أ. د. عماد عبدالسلام، ضوء جديد على علاقة بلاد هكار بالدولة المصرية في عهد المماليك البحرية، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (25)، ساڵی 2013.

**تأثير جانب التفكير الديني على قيام الأمارات الكردية (334ك/ 946ز – 814ك/ 1411ز)**

فرهاد عبدالعزيز محمد
وزارة التربية، مديرية التربية محافظة السليمانية, قسم التنمية والتدريب
farhadaziz84@yahoo.com

**ملخص**

هذه الورقة البحثية مخصصة لدراسة (تأثير جانب التفكير الديني على قيام الأمارات الكردية)، وتتكون من محورين رئسيين مبدوءة بمقدمة ومختومة بالنتائج. تطرق المحور الاول، الى موضوع تأثير جانب التفكير والألتزام الديني لدى الكرد على قيام ونشوء الامارات الكردية. حيث طالما حافظت مؤسسة الخلافة عن مكانتها الدينية باعتبارها رمزاً لوحدة الامة الاسلامية، فان الاكراد ملتزمين تماماً بهذه المؤسسة الشرعية. لكن بعد مجيء البويهيون (334هـ/ 946م) واستيلائهم على عاصمة الخلافة العباسية وتنكيلهم بهيبة ومكانة الخلافة والخلفاء، تحركت الكرد وودعت المناطق الكردية عصر الولاة العباسيين واستقبلت عهدا جديدا تجلى فية بروزهم السياسي والحضاري من خلال قيامهم بتاسيس عدد من الامارات والحكومات الوراثية، ذات السيادة والسلطان. حيث ظهرت واختفت من الوجود خمس سلالات كردية حاكمة مابين منتصف القرن العاشر و نهاية القرن الثاني عشر، وهي (الروادية والشدادية والحسنوية والمروانية والعنازية). تطرق هذا المحور ايظا الى تاثير التفكير الدينى على ردود فعل الاكراد من سقوط الخلافة العباسية وعن كيفية معاداتهم للغزو المغولي عن طريق انفصال مناطقهم من جسم الدولة الايلخانية وانشاء مجموعة اخرى من الامارات والحكومات المحلية عليها (النظام الاماراتي الثاني او الامارات الكردية في العهد المغول).

اما المحور الثاني، فقد خصص لموضوع (الشرعية الدينية)، توضح فيها دور الشرعية الدينية في ترسيخ دعائم ومبادئ الحكم وترسيخ بقاء واستمرارية الامارات وتعزيز سلطة سلالاتها الحاكمة. على الرغم من ان الخلافة العباسية وبعد مجيء البويهيون فقدت قوتها السياسية، لكن بقيت رمزاً للسيادة الاسلامية ونظراً لمكانة الخليفة في العالم الإسلامي، فان كسب رضاه واعترافه كان يأخذ دوماً في الحسبان من لدن أُمراء الامارات ومنها أُمراء الامارات الكردية. اما بعد سقوط الخلافة العباسة وازالة مصدر الشرعية الدينية، في سبيل وضع إطار شرعي مناسب للعلاقات بين الحاكم والمحكوم وفي سبيل كسب (الشرعية الدينية) وتعديل الطريقة التي سينظر الكرد الى امرائها، فان ادعاء النخبة الاجتماعية والامراء الامارات الكردية بانتمائهم الى اوصول نبيلة من عائلات اسلامية عريقة وكبيرة سابقة، كان اهم وسيلة يستطيعون من خلالها تعزيز سلطتهم السياسية والاقتصادية واحقيتهم واحقية ابنائهم في الحكم من بعدهم.

**الكلمات المفتاحية:** الأمارة، التفكير الديني, عهد البويهي, عهد المغول, الشرعية.

**Influence of Religious Thought on the Formation of Kurdish Emirates**

**Farhad Abdul Aziz Muhammad**
**Ministry of Education, General Directorate of Education Sulaimaniah.**
farhadaziz84@yahoo.com

**Abstract**

This research which is related to the impact of theological thought on the appearing of the Kurdish Princedoms contains of two main part, introduction and conclusion.

First part, includes the influence of theological thought on the appearing of the princedoms. Since Caliphate State was able to protect itself, the Kurds were completely sticklers to it. But when (Bohemans – AL - Bowaihiyoon) in (334h/ 946g) occupied Baghdad and weakened the Caliphate State، then the Kurds worried and established some Princedoms for themselves.

Second part, deals with the validity of religion and its influence on the building of the princedoms.

**Keyword:** Emirates, Religious Thought, Al-Buwaihi era, Seljuk era, Legitimacy**.**